www.kurdistannet.org
24-2-2007 12:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئاگاداری. . . . .**



شیعری (نورەدین صاڵح / باوەنوور)

دەس هەڵگرە. .
سەرچاوەی ئەو کانییە با لێڵ نەبێ. . . .
ئاگادار بە
ئاوەڕۆکەی سەرەو لێژەو بەرد لە ئاودێرەکەی مەنی. . . !!!
هێور بەوە. . کاری پەلەو پەشیمانی. .
سەری خۆت و حەزەکانت لەچاڵ دەنی. . !!!
********

من دەزانم ئێستاکە تۆ
بۆ خەیاڵی کۆچی سوورت
وات نیازە
بەبەرزایی هەورازێکدا هەنگاو بنێی
بەڵام. . .
ئەسپی ژێرت چوار پەل بەستراوە. . .
ئەو بەهارەی لە خەیاڵتا چاوەڕێی بۆی
لە پێش چونت. .
لە پایز مارە براوە. . !!!!
**********

کچی گیانە. . .
گەر دەتەوی ئەسپی حەزت. . تاوی تاودەی ...
پێش بڕیاردان. . . ووردو بڕوانە
لە ئاوێنەی سبەینێدا
خۆت ببینە. . .
سەرت بەفرەو
دامەنت دەرگایەکی کڵۆم کراوە. . . !!!

پایزی 1989 – کرکوك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.